سەردار عەبدوڵڵا، حكك عێراق، حكك ئێران، سێ تووتی زەلامێكن ... هەردی عەول

هاوڕێ سەردار و هاوشێوەكانی خۆ بەسووكزانین یان لێ بووە بە كۆمۆنیزمی كرێكاری. پاشان كە وتمان كۆمۆنیزم ئەبڕێتەوە، ئەرێ كەس كۆمۆنیزمی سەرمایەداری گوێ لێ بووە تاك و ئەمان ناو لە خۆیان بنێن كۆمۆنیزمی كرێكاری ؟.
ئەو باندە وا فێركراون كە دژی كوردوپێشكەوتنی بن، كورد بەهیچ نەزانن، لە قیمەتی پێشكەوتنی كورد كەم بكەنەوە، تف لە ڕابووردوو داهاتوویان بكەن، ئەوكات كۆمۆنیستێكی چاك و عەیار بیست و چواریت.
هاوڕێ سەردار ناهەقی نییە وا تەنگە نەفەس بووە، ئاخر چۆن دەبێ كوردستان نێت و ڕادیۆ زرێبارو نووسەر و خوێنەرانی ئەو سایتە لە سەنگەردا بن دژی ئەوان و بەشان و باهووی حیزبەكەی ئەوان وجوانە مەرگەكەی ئەوان دا هەلنەدەن ؟.
پاشان بۆچی دەبێ هێندە ڕاستیان پێ ناخۆش بێ، بۆچی دەبێ ئەوەی سەعید سەقزی و كوردستان نێت باسی دەكەن درۆو دەلەسەو هەڵبەستراو بێ، بەڵام ئەوانەی ئەوان باسی دەكەن و دەیلێن ڕاست ودرووستبن، یەعنی هەر دەبێ لە قافدا بتانگرن، ئەوەنییە كچە كوردە كە دەڵێ دایك باوكم ناهێڵن بەكوردی قسان بكەم. ئەوەنییە جەنابت خۆت قسەكەی سەعید و كوردستان نێت ئیسپات دەكەیت، ئەوە نییە دەفەرمووی قوتابیانی زانكۆ لە دوایی ڕاپەرین و ئازاد بوون ناتوانن ڕستەیەك بە عەرەبی بنووسن، بەقسەی جەنابت ئەوەی نەیتوانی ڕستە بە عەرەبی دروست بكات نەفامە ؟. هەرچەندە ڕەنگە كاك سەردار ببوورن هاوڕێ سەردار خوێندنی تەواو نەكردبێ، پێشم وانیە خریجی (علوم السیاسە) بێت، كە چی زۆر بێباكانە ئەسپی خۆی لە بواری سیاسەتدا تاو داوە و تەسریحاتیش ئەداو خوێندكارانی زانكۆش، لەبەر ئەوەی فارسی و عەرەبیەكەیان باش نییە بەكەمیان ئەزانێ، ئاخر هەی كوڕی باش، هاوڕێی باش.
تە حەدات ئەكەم ئەگەر خوێندكارێكی عەرەب یان یەكێك لە سەرە زلە فارسەكانتان بتوانێ یەك ڕستەی كوردی بنووسێ.
دوای ئەوە سەیری ئەو هاوڕێ یەبكەن و بزانن چەرمی ڕووی چەندە قایمە پێشێلكردنی مافەكانی میللەتی كورد لە ئێرانداچەند بە كەم سەیر دەكات چۆن دڵسۆزی خۆی بۆ سەرەزلە فارسەكان دووپات دەكاتەوە ئەو زوڵم زۆرەی سەر كوردان لە كوردستانی ئێراندا نابینێ و ئازار وئەشكەنجەی گەلی كورد هێند بەسووك سەیر دەكات كە ئەفەرموێ (لە كوردستانی ئێراندا خەلك هەر بەفارسی قسە دەكەن و دەنووسن، زمانی كوردیش تایبەت بووە بۆ ئەو كەسانەی كە مەبەستیان بووە) . ئەمە قسەی سەرداری تووتی ئاسایە، بەڕاستی موهیمە كەسێك بتوانێ ئاواها بێ موبالات بێ، هێندە ڕووقایم بێ درۆكردنی بەلاوە ئاسایی بێت.
هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت شێخ ڕەزا كە **120 – 130** ساڵ لەمەوبەر فەرمووتە :
چەرمی ڕووی هێندەقایمە شمشێری میسری نایبڕێ
گەر بەكەوشی كەی دەمێنێ تا قیامەت نادڕێ

نازانم ئەو هاوڕێ یە لە كوێ ئەژی، بەڵام بۆ ئاگاداری بەڕێزیان لە زانكۆكانی كوردستاندا عیلم ئەخوێندرێ، زمانی عەرەبی و فارسی، فەڕەنسی، ئینگلیزیش ئەخوێندرێ. ئەگەر مەبەستیشتان ئەوەیە كە خەلكی كورد بۆچی لە بەینی خۆیاندا لە ماڵەوەو لەگەڵ منالەكانیانداو لە بازاڕەكاندا بە فارسی یان عەرەبی قسەناكەن ئەوەیان شتێكی ترە. كارێكی جوانیش نییە و پیشەی ئینسانی هوشیار نییە گاڵتە بە قوتابی زانكۆ بكات، ئەویش لەبەر چی لەبەر ئەوەی كە ناتوانێ ڕستەیەكی عەرەبی دروست بكات ؟، من پێموایە ئەو هاوڕێ یە بە هەڵەدا چووە قوتابیانی زانكۆكانی كوردستان هیچیان لە قوتابیانی زانكۆكانی وڵاتانی دەورو بەر كەمتر نییە، ئەوانیش ئینسانن.
لانی كەم هاوڕێ سەردار بۆ زانیاریت قوتابیانی زانكۆكانی كوردستان بەقەدەر جەنابت دەزانن و دەتوانن بخوێنن و بنووسن و بخوێننەوە.
دوا تكام ئەوەیە كە هێندە خەفەت لە گەشەسەندن و پێشكەوتنی كورد مەخۆن ئەگینا ئێوەش وەك كابرا لە داخان تووشی سەرەتان دەبن.

نەرویج